پەیڤێک لە ڕێبازەوە | بەشی دووەم

تەرازووی ئێمە و تەرازووەکانی ئەوان

خوای گەورە دەفەرمووێ: "لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ" (الحديد: ٢٥). تەرازوو شانبەشانی کتێبی خوا بە هیچ شێوەیەک کەس ناتوانێ لێی بێنیاز بێت لە هەڵسەنگاندنی خەڵک و تایەفە و دین و مەزهەب و گرووپەکاندا.

جا ئەگەر تەرازوو چەوتی تێکەوت؛ ئەوا تێڕوانین و لێکدانەوە و پاشان ئەحکام و کار و هەڵسوکەوت و ڕێبازیش چەوتیان تێدەکەوێ.

وە واقیعی ئەوانەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا لە ڕێباز و بیروباوەڕەکانیان خۆیان دەدەنە پاڵ ئیسلام؛ گەورەترین بەڵگەن لەسەر ئەم ڕاستییە.

چونکە تەرازووەکانیان ڕێباز و هەڵسوکەوتەکانیان دیاری دەکەن کە حوکمی تاک و سیستەم و گرووپەکانی لەسەر بونیاد دەنرێت.

جا هەندێکیان بە تەرازووی نیشتمانی دەپێوێت، دەی بینی لەژێر سێبەری نیشتیماندا برایەتی لەگەڵ مولحید و موشریک و بێباوەڕ و باتینییەکاندا دەکات، بۆچی نا؟! ئایا برایان نین لە خەباتی نیشتیماندا؟!

وە هەندێکیان کارەکان بە تەرازووی بەرژەوەندی و بەچاکزانین دەپێون و هەرهۆکارێک بە ئامانجەکەی بگەیەنێت، ئەگەر چی لە پیسترین و بۆگەنترینی هۆکارەکان بێ؛ ئەوا لای ئەوان هۆکارێکی چاکە و پاکە و ئەوانەی بەکاری دەهێنن خاوەنی ژیرین و خاوەنی عەقڵی ڕووناکن، وە ئەوانەی فەرامۆشی دەکەن نەزان و خاوەنی عەقڵی داخراو و ئەو پەڕی هزرتەسکین.

وە هەندێک بە گوێرەی ئەو سوودە دونیاییەی لێت وەردەگرن دەت پێون، وە بەم پێوانەیە لێیان نزیک و دوور دەبیتەوە!

وە هەندێکیان لایەنێکیان لە دین وەرگرتووە و بۆ خۆیان ئاسانیان کردووە و بەچاکی دەزانن و دەی کەنە تەرازووی هەستیاری خۆیان.

وە هەندێکیان بە پێی ژمارەی ئەو ڕۆژانەی کە لە ساڵدا لەگەڵیان دەردەچیت بۆ بانگەواز بۆ لای خوا دەت پێون، بانگەوازێک بە پێی تێگەیشتنی خۆیان بۆ ماناکانی دەرچوون بۆ جیهاد کە ئایەت و فەرموودەکانی جیهادیان تێدا گلداوەتەوە، جا ئەگەر ئەمەت ئەنجامدا وەکو ئەوەی پێوەرەکانی ئەوان ڕێی پێدەدەن؛ ئەوا تۆ خۆشەویستیانی، وە ئەگەر پێوەرەکانی ئەوانت فەرامۆشکرد ئەوا تۆ ئەو پیاوە نیت ئەگەر چی بە شمشێر و ددان و خوێنت دەربچی لەسەر هەموو تاغووتێک.

وە هەندێکیان بە گوێرەی زانیاری و تێگەیشتنت بۆ بابی "الأسماء و الصفات" و یان تەوحیدی "المعرفة والإثبات" دەت پێون کە لە ئیبلیسیش شاراوە نەبووە! یان تەوحیدی "الربوبية" کە لە بێباوەڕانی قوڕەیشیش شاراوە نەبوو، ئا ئەمەیە عەقیدەی دروست و ئەمەشە تێگەیشتنی سەلەفی و ڕێگەی ڕاستە لە لایان! وە

لەمەوە هەر یەکێک هەڵە بکات و تووشی کۆسپێک بێت لە یەکێک لە لقەکانی ئەوا ئەو کەسە بیدعەچیی زەمکراوە و تەرازووەکانیان مۆڵەتی عوزری پێنابەخشن، ئەگەر چی ئەو تەوحیدەش بچەسپێنێت کە گشت پێغەمبەران لە پێناوی ڕەوانەکراون، وە ئەگەر جیهادیش بکات لە پێناو چەسپاندنی (عروة الوثقی) و جەنگ بکات و بش کوژرێ.

وە هەرکەسێک زانیاری خۆی دەربخات دەربارەی؛ ئەوا لای ئەوان سەلەفییەکی تەواوە، بەڵکو لە پوختەی ئەهلی فەرموودەیە و لە سەرانی تائیفەی سەرخراوە و ئەم سیفەتانەی لێجیا نابێتەوە، ئەگەر بێت و هەموو ئەڵقە بەتینەکانی ئیسلام تێک بشکێنێت و بانگەوازی پێغەمبەران و ناوەڕۆکی تەوحیدی "الألوهية" تێک بدات و لە گەورەترینی تاغووتەکان بێ؛ ئەوا لە پێوەرەکانی ئەوان هەر پێشەوای موسڵمانانە و فەرمانڕەوای باوەڕدارانە، مادام ئەم عەقیدەیەی خوێندووە و دەی زانێ!

وە هەندێکیان بە گوێرەی بەرائەت لەوانەی کە تەکفیری دەسەڵاتدارە تاغووتەکانیان دەکەن دەت پێون، ئەگەر چی لە پوختەی یەکخواپەرستانیش بێت، وە بە گوێرەی جەنگکردنت لە دژی ئەم تاغووتانە و قسەوتنت پێیان، یان بە گوێرەی دۆستایەتی و پارێزگاریکردنت لە دەسەڵاتدارە بێباوەڕە تاوانکارەکانیان، کە زاناکانیان تەزکییەیان بۆ کردوون و بەیعەتیان پێداون، زانایانی سوڵتان! وە بە ڕێژەی بەدەماکەوتنت بۆ تاغووتەکان، وە بیر نەکردنەوەت لە دەرچوون لەسەر تاغووتەکان گەر بە زمانیش بێت، ئا لێرەدا دەبیتە جێگەی ڕەزامەندی ئەوان و خاوەنی تێگەیشتنی ژیرانە، کە شایانی هەموو پاڵپشتی و یارمەتی و سەرخستنێکیت، وە ئەگەر شتێک لەمانەت تێدا بەدی نەکرا؛ ئەوا تۆ بیدعەچییەکی پیسیت! وە دوژمنی زانایان و بخۆری گۆشتی ژەهراویانی! بەڵکو یەکێکی لە خەواریج و لە خراپترینی دروستکراوەکان و سەگێکی لە سەگەکانی دۆزەخ!

وە هەندێکیان دوو تەرازوویان بۆ خۆیان داناوە نەک یەک، تەرازووێکی تایبەتکردووە بۆ خۆی و ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی خۆی پێدەکات و بە گوێرەی بەرژەوەندیی خۆی بەکاری دەهێنێت، عوزر تێیدا ئامادەیە تەنانەت بۆ لەناوبەرە گەورەکان و شیرکیش! وە هەر بەو تەرازووەی کە بەرژەوەندی و ئاواتەکانی خۆی دەپێوێت؛ بەرژەوەندیی خۆشەویست و دۆست و جەماعەتەکەی خۆی دەپێوێت، وە تەرازوویەکی تری تایبەتکردووە بە دوژمن و ڕکابەرانی، ئەم تەرازووەی دووەمیان زۆر ورد و هەستیارە، هیچ هەڵاتوو و هاتوویەک لە دەستی ڕزگاری نابێت، ئا بەم شێوەیە ئەگەر بێت و سنوور نەبەزێنن و دانەوێڵەیەک نەکەن بە گومەزێک، وە زمانحاڵیان دەڵێت:

وعين الرضى عن كل عيب كليلة
ولكن عين السخط تبدي المساويا

خوای گەورە دەفەرمووێ: "وَيْلٌ لِلْمُطَفِّفِينَ (١) الَّذِينَ إِذَا اكْتَالُوا عَلَى النَّاسِ يَسْتَوْفُونَ (٢) وَإِذَا كَالُوهُمْ أَوْ وَزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ (٣) أَلَا يَظُنُّ أُولَئِكَ أَنَّهُمْ مَبْعُوثُونَ (٤) لِيَوْمٍ عَظِيمٍ (٥)" المطففين، ئەبوو هورەیرە (رضي الله عنه) کاتێک بیستی یەکێک لە هاوەڵان لە نوێژدا ئەم ئایەتانەی دەخوێندەوە؛ فەرمووی: (من لە نوێژەکەمدا دەم وت: (هاوار بۆ باوکی فلان! دوو تەرازووی هەیە، ئەگەر بۆ خۆی بپێوێ؛ ئەوا بەتەواوی دەی پێوێ، وە ئەگەر بۆ خەڵک بپێوێ؛ ئەوا بەکەمی دەی پێوێ))! ئیمام ئەحمەد و حاکم ڕیوایەتیان کردووە.

ئا ئەمانە تەرازووەکانی ئەوانن...

بەڵام ئەهلی تەوحید و پاڵپشت و بانگخوازانی، یەک تەرازوویان هەیە کە ناگۆڕێت، کە بە ئارەزووی خۆیان هەڵیان نەبژاردووە یان بە پێی بەرژەوەندی و بەچاکزانینەکانیان، بەڵکو خوای گەورە بۆی دابەزاندوون لەگەڵ کتێبەکەیدا، وە پێغەمبەرەکەی ﷺ معیار و پێوانەکەی بۆ ڕێکخستوون، جا هەرکەسێک ڕەچاویان بکات و ڕێکیان بخات؛ هەرگیز هەڵە ناکات و هەڵناخلیسکێت.

ئەمە تەرازووی "لا إله إلا الله"یە، تەرازووی تەوحیدە، ئەو تەرازووەی کە هەرکەسێک پێی پابەند بێت ئەوا لە نزیکانی ئێمەیە و خۆشەویستمانە و ڕزگاری دەبێت لە لەناوچوون، وە لە هەرهەڵەیەک کە دەی کات عوزر پێبەخشراوە و چەسپاندنەکەی بۆ تەوحید کە گەورەترین مافی خوایە لەسەر بەندەکانی ئەو هەڵەیە لەناو دەبات، وە دوورکەوتنەوەی لە شیرک و هاوەڵدانان ئەم هەڵانەی بۆ ڕەش دەکاتەوە، مادام لەخوار شیرکەوە بن، چونکە ڕووناکی تەوحید ئاگری تاوانەکان دەکوژێنێتەوە جگە لە پێچەوانە و هەڵوەشێنەرەوەکەی کە شیرکە، هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی: "إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَنْ يَشَاءَ" (النساء: ٤٨).

وە لەو فەرموودەیەی کە پێشەوا ئەحمەد و تورمذی و ئیبن ماجە لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (رضي الله عنه) ڕیوایەتیان کردووە، کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (يصاح برجل من أمتي يوم القيامة على رءوس الخلائق، فينشر له تسعة وتسعون سجلاً، كل سجل مد البصر، ثم يقول الله عز وجل: (هل تنكر من هذا شيئاً)؟ فيقول: (لا يا رب)، فيقول: (أظلمتك كتبتي الحافظون)؟ ثم يقول: (ألك عن ذلك حسنة)؟ فيهاب الرجل، فيقول: (لا)، فيقول: (بلى إن لك عندنا حسنات، وإنه لا ظلم عليك اليوم)، فتخرج له بطاقة فيها: "أشهد أن لا إله إلا الله وأن محمداً عبده ورسوله"، قال: فيقول: (يا رب ما هذه البطاقة مع هذه السجلات)؟ فيقول: (إنك لا تظلم)، فتوضع السجلات في كفة والبطاقة في كفة، فطاشت السجلات، وثقلت البطاقة".

واتە: (لە ڕۆژی دواییدا بانگی پیاوێک دەکرێ لە ئوممەتی من لەپێش چاوی خەڵکیدا، پاشان نەوەد و نۆ سجلی بۆ بڵاو دەکەنەوە، هەر سجلێک هێندەی مەودای چاوە، پاشان خوای گەورە پێی دەفەرمووێ: (ئایا نکووڵی لە شتێک دەکەیت لەمانە)؟ پیاوەکە دەڵێت: (نەخێر ئەی پەروەردگارم)، پاشان خوای گەورە دەفەرمووێ: (ئایا نووسەرە پارێزگارەکانم ستەمیان لێکردووی)؟ پاشان خوای گەورە دەفەرمووێ: (ئایا هیچ چاکەیەکت هەیە لەناو ئەمانەدا)؟ پیاوەکە بەشکۆوە وەڵامی خوای گەورە دەداتەوە و دەڵێ: (نەخێر)، خوای گەورە دەفەرمووێ: (بەڵێ تۆ چاکەت هەیە لە لای ئێمە، وە ئەمڕۆ تۆ هیچ ستەمێکت لێناکرێ)، پاشان بیتاقەیەکی بۆ دەردەهێنرێت کە تێیدا نووسراوە: "أشهد أن لا إله إلا الله وأن محمدا عبده ورسوله"، عەبدوڵڵای کوڕی عومەر فەرمووی: پیاوەکە دەڵێ: (ئەی پەروەردگارم ئەم بیتاقەیە چییە لەگەڵ ئەم سیجلانە)؟! پاشان خوای گەورە دەفەرمووێ: (تۆ ستەمت لێناکرێ)، پاشان سیجلەکان لە لایەکی تەرازوو و بیتاقەکەش لە لاکەی تری دادەنرێت، سیجلەکان سووک دەبن و بیتاقەکەش قورس دەبێت).

ئا ئەمە تەرازووی ئێمەی ئەهلی تەوحید و پشتیوانانی تەوحیدە، وە هەر بەمە کتێب و مەقالە و نووسەر و زانایان و هەموو خەڵکی هەڵدەسەنگێنین، هیچ شتێک بەپێش چەسپاندنی وشەی تەوحید و دوورکەوتنەوە لە شیرک و هاوەڵدانان بۆ خوای گەورە ناخەین.

جا ئەوەی تەوحید بهێنێتە دی و پێی هەڵبستێ؛ ئەوا نزیکی لە ئێمە بەدەست دێنێت، وە عوزری هەیە لە ئەنجامدانی هەڵە یان تەئویلکردن بە مەرجێک لە تەوحیددا نەبێت، کە ئەمەش ڕێڕەوی ئەهلی سوننەیە، وە ئەمەش قەدەغەمان ناکات لەوەی کە هەڵەکەی ئاشکرا بکەین و ئاگاداری بکەینەوە لە هەڵخلیسکانەکانی، وەکو دڵسۆزییەک بۆ خوای گەورە و دینەکەی و موسڵمانان.

وە هەرکەسێک ئەم بنچینە گەورەیەی کەلکرد یان ئەڵقە گەورەکانی تێکشکاند؛ ئەوا لە لای ئێمە دوورخراوە و پاشخراوە، ئەگەر چی خەڵکی بەگەورەی دابنێن و بەپێشی بخەن، وە زۆری نازناو و گەورەیی مەندیل و شەهادەکانی قەدەغەمان ناکەن لە هۆشداریدان لە گومڕاییەکانی و ئاشکراکردنی قسە بێسەروبەر و لادانەکانی.

ئەمە ئەو تەرازووە دادگەرەی ئێمەیە کە لە لای خواوە دابەزیوە، وە جگە لەمە هیچ تەرازوویەکی تر بە هی خۆمان نازانین، ئەگەر چی هەندێک کەس بەگەورەیان دابنێن و بەپێشیان بخەن!

وە ئەگەر ویستت گەورەیی کاری تەرازوو بزانیت، ئەوا لە ڕێبازەکەمان وردبەوە کە بەرهەمی تەرازووەکەمانە، پاشان لە ڕێبازەکانیان وردبەوە کە بەرهەمی تەرازووەکانیانن.

وە خوای گەورە ڕاست دەفەرمووێ و ڕێنوێنی دەکات بەرەو ڕێگەی ڕاستی.

نووسینی: شێخ ئەبوو موحەممەدی مەقدسی | وەرگێڕانی: پێشەنگ عبد الله

پێگەی زەهرا | هەنگاوێکی مەزن بەرەو ئامانجێکی پڕشنگدار
www.PegayZahraa.info
www.facebook.com/PegayZahraa
www.twitter.com/PegayZahraa